**بەشی ٢ -٢**

**جوزێف ماتزینی، پەیامبەری نەتەوایەتی** هەڵۆ بەرزنجەیی٢٠٢٠/١٢/١٢

ماتزینی، بۆ ئارامکردنەوەی ڕۆحی و پشوودان بە جەستەی شەکەتی، شەوانە پەنا بۆGitarre مەکەی دەبات و بەدەست و پەنجەی ڕەنگینی چەند ئاوازێکی دڵفرێن دەژەنێ و وردە گۆرانیشی لەتەکدا دەچڕێ. بەم جۆرە خەمەکانی بە بادا دەدات. خەمی گەورەشی بیرکردنەوە بوو لەم دەستکەوتە گەورە، لەم دۆخە هیوابەخشە، تۆ بڵێیت تا کەی بەردەوام بێت؟داخۆ زلهێزەکان نەمسا و فەرەنسا و ئیسپانیا و رووسیا و پورتوگال لێمان بگەڕێن؟..

لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا دەڵێ: « **ئێمە ئەرکی خۆمان جێبەجێ دەکەین و نموونەیەکی باش و جوان پێشکەشی هاوڵاتیانی خۆمان لە تەواوی ئیتالیادا دەکەین. ئیدی دیارە هەر بەم شێوەیە دەتوانین سەرکەوین، سەرکەوتن بپارێزین** ..« لەم سەروەختەدا 20.12.1848 ە فەرەنسا Louis Napléon Bonaparte دەبێتە سەرۆک و خێرا جەنەڕاڵ Ondinotدەنێرێتە ڕۆما- پێدەچێ لەسەر داخوازی پاپا ئەم کارە کرا بێت- تا دەست بەسەر دۆخەکەدا بگرنەوە و ئاسایش بپارێزن.

دانیشتوانی ڕۆما بەتوندی دژی ئەم بڕیارە دەوستنەوە بڕیاری بەرگری کردن بەدڵ وگیان دەدەن. فەرەنسا هەر وازناهێنی و 3 جار شاند دەنێرێ و هەڕەشە دەکات. هەر ناگەنە ئەنجام. لەم چرکەساتەدا بیرۆکەیەک لای کۆمەڵێک دروست دەبێ بچنە لای پاپای ڕازی بکەن بەوەی مشورێک بخوات شەڕ روونەدات و بەئاشتی کێشەکە چارەسەر بێت. ئەم هەوڵەش ئەنجامی نابێت. ئەنجوومەنی شار بڕیاری بەرگریکردن دەدات. جەنەڕاڵی ناوبراو بەفروفێڵ خۆی نزیک دەکاتەوە لەپڕ بە 30,000 هەزار سەربازەکەیەوە پەلامار دەدات. شەڕێکی سەخت هەڵدەگیرسێ. لە هێکرا گاریباڵدی بە 14,000هەزار لایەنگرەوە پەیدا دەبێت و فەرەنسییەکان تێک دەشکێنێ و هەواڵ بۆ ماتزینی دەنێرێ، کەوا دەیەوێ فەرەنسییەکان تا Civitavecchia ڕاویان بنێ و بیانکوژێ. ماتزینی بە پێچەوانەوە داوای گەڕانەوەی لێ دەکات،بە مەبەستی ئەوەی فەرەنسییەکان نەورووژێن و ئیتالیا نێتێکی باشیان نیشان بدات. گاریباڵدی بەم بڕیارە نیگەران دەبێت،بەس فەرمانەکە جێبەجێ دەکات.

لەم کەینوبەینەدا، فەرەنسا سەرگەرمی گێرانی هەڵبژاردنە. ناپلیۆن چاوەڕێی ئەنجام دەکات. ئەگەرچی دەبوو فەرەنسا بە هەڵوێستی ماتزینی دڵخۆش بێت، کە نەرم و ئاشتیخوازانە بوو، لێ ناپلیۆن لەسەر دوو تەوەر بە فروفێڵ و تاکتیک وەڵامی ماتزینی و ئیتالییەکان دەداتەوە. سەرەتا بۆ ئارام کردنەوەی Ferdinand de Lesseps کە هاوکات دروستکەری کەناڵی سویسیشە، دەنێرێ بۆ گفتوگۆ. ماتزینی و ئەم نوێنەرە گفتوگۆی بەسوود دەکەن و دەگەنە ئەنجامێکی باش. بەڕادەیەک لێزەپس زۆر سەرسامی هزر و تێڕوانین و هەڵسوکەوتی ماتزینی دەبێ. هێشتا گفتوگۆکان تەواو نابێت ناپلیۆن جەنەڕاڵ Oudinel بە فەرمانێک دەکاتە بەرپرسی ڕۆما . بەمەش دەردەکەوێ کە ناپلیۆنی سێ ئاشتی ناوێت. بەم هەڵسوکەوتە ماتزینی تێدەگات ناپاکی و فێڵی لێکراوە. بڕیار دەدەن خۆیان بۆ شەڕکردن ئامادە بکەن و هەڵدەستن بە مەحکەمکردنی دەوروبەری ڕۆما. بەداخەوە لێرەدا هەندێ ئیتالی دەکەونە بەرەی دوژمنەوە.

جێی ئاماژە پێدانە کە بەرەی زلهێزە جیهانییەکان نەمسا، فەرەنسا، ئیسپانیا هەموویان بەیاننامە دەردەکەن و داوای دەست بەسەرا گرتنەوەی ڕۆما دەکەن. لە 4.6.1849 دا شەڕ هەڵدەگیرسێ. هێزە فەرەنسییەکان باڵا دەست دەبن و ئیتالییەکان بەرگری تەواویان پێ ناکرێ. ماتزینی خۆی لە پێشی پێشەوەی بەرەی شەڕدا دەبێت و ئامادە نییە ڕۆما چۆڵ بکات و بە سانایی بیداتە دەستەوە. لەم ساتەدا گاریباڵدی بانگ دەکات و دەیکاتە بەرپرسی بەرەی شەڕەکە. فەرەنسییەکان ژمارەی سەربازەکانیان دەکەنە سێ قاتی 13,000 ئیتالییە خۆبەخشەکەی بە دڵ و گیان بەرگری لە ڕۆما دەکەن..

میللەتی ئیتالی زۆرینەی بۆ پشتیوانی ماتزینی و هاوڕێکانی ڕادەبن لەم ڕووەوە P.Ventura دەڵێ:« **ئەگەر کڵێسا- واتە پاپا- لەگەڵ میللەتدا نەبێت، ئەوا ئەم شەڕە بێ ئەو و لەدژی ئەو بەڕێوە دەچێت..**« بەهەرحاڵ کوشتارێکی زۆر دەکرێ و ئیتالییەکان بۆ بەرگری لە ڕۆما دەڵێن: **مەگەر بەسەر لاشەی ئێمەدا دەست بگرن بەسەر ڕۆمادا.**

لەم کاتەدا گاریباڵدی داوا دەکات شەڕ بەرنە دەرەوەی ڕۆما، ماتزینی ڕازی نابێت و بانگەوازێ بۆ هێزە ئەوروپاییەکان دەردەکات و دەڵێ:« **با پاشایەتیش بڕوخێنن یا خۆی ببەزێ، کۆمارییەکان خۆیان نادەنە دەستەوە و نابەزن و بڕیارە، بە گیان و باوەڕی بەرگریی و ناڕەزاییەوە بمرن..«**

هەر سێ زلهێزەکەی ئەو سەردەمە دژ بەم کۆمارە ساوایە وەستانەوە. ئیتالییەکانیش بە تەنها. هێزە فەرەنسییەکان پارەیەکی زۆر بۆ سەری ماتزینی تەرخان دەکەن و جارێکی تریش بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکەن. ئیدی هاوڕێکانی، ماتزینی بەزۆر ناچار دەکەن خۆی دوور بخاتەوە و هەڵ بێت. لەم کاتەدا نێردراوێکی ئەمەریکی دێت و پەساپۆرتێکی بەناوێکی خواستراوەوە دەدەنێ و بەرەو مارسیلیا دەڕوا و لەوێوە دەچێتە ژنێف.

مانەوەی زیاتر لە ساڵێکی ماتزینی لەدەسەڵات لە ئیتالیا، زۆر کار دەکات و دەستکەوتی گەورەی بەدەست دەهێنێ. لە لۆزان/ سویسرا دەست دەکات بە نووسینی سیاسی و ئەدەبی و پلان داڕشتن بۆ جارێکی تر بۆ تێهەڵچوونەوەی شۆڕش و ڕاپەڕین.1850 گۆڕانێکی سەیر ڕوودەدات و ماتزینی بۆ بینینی دوژمنە گەورەکەی ناپلیۆنی سێیەم دەچێتە پاریس. لەسەر کۆمەڵێ شت ڕێک دەکەون، لێ ناپلیون پاش ماوەیەکی کەم لەدەسەڵات دەخرێ و هەڵدێ، ڕێکەوتنەکە هیچی لێ شین نابێتەوە.ماتزینی لە پاریسەوە دەچێ بۆ لەندەن بۆ بینینی هاوبیر و دۆستەکانی. لەوێ ئەم جارە" **کۆمیتەی ئەوروپا"** دروست دەکات لەگەڵ ئەم پۆلە لە کەسانی دیار و هەڵکەوتوودا:

Alexander Ledrn- Rolli,Arnold Ruge,Albret Daraß پاشان دێتەوە سویسرا . دیارە لەهەر شوێنێ بوو بێت بەردەوام سیخوڕ و چاودێری بەدواوە بووە.مانگی 11.1850 دەچێتەوە بۆ لەندەن ئەمجارە لە میراتی باوکی پارەیەکی مۆڵی باشی بۆ دێت. دواتر خانەنشینی دایکیشی دەگات بەدەستی ساڵانە 4 هەزار لیرە بووە. بەم پارەیە کاری باش دەکات و یارمەتی زۆری دۆست و هاوبیر و هەژار و لێقەوماوان دەکات. بۆ خۆی هەروەک جاران سادە و ساکار ژیان بەسەر دەبات.

**"کۆمیسیۆنی نەتەوەیی"**ش دروست دەکات پاشان **"کۆمیسیۆنی ناوەندیی دیموکراتی ئەوروپا"** دروست دەکات.بۆ بەرپاکردنی ئامانجی خەباتی کۆماری لەتەواوی ئەوروپادا. بەتایبەت ئیتالیا و ئەڵمانیا و رووسیا. هەر لەم ڕێگایەوە خاتووی شاعیری ئەڵمانی کە ئەویش هەڵاتووە و لە لەندەن ژیان دەکات Malwida von Meysenberg دەناسێ. ئەم خانمەش شێت و شەیدای ماتزینی بیر و ڕەفتاری دەبێت. دواتریش بیوگرافیایەکی باش لەسەر ماتزینی دەنووسێ. هاوکات زۆر کەسایەتی گەورە لە لەندەن دەناسێ و پێیان ئاشنا دەبێت.

1852 دایکی دەمرێ و تەواو نیگەران دەبێت. لەو سەردەمەدا بەناوی **"دایکی ئیتالیاوە"** ناوبانگی دەردەکات. دایکی لەسەرە مەرگدا دەڵێ : «**خۆشەویستان تکایە لە خەمی کوڕەکەمPippo دا بن**». هەموو شاری جێنوا بەشداری بەخاک سپاردنی دەکەن. خەڵکەکە یەکێ ڕادەسپێرن Emilin Ashurst هەواڵی مردنەکە بدات بە ماتزینی. ناوبراو دەگێڕێتەوە " کاتێ پێم گووت ماتزینی ڕەنگی سپی داگەڕا، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە پێی وتم: تکایە ئێمیلیا، بەتەنیا جێمبهێڵە.دوو دانە ڕۆژ بە ئازاری مردنی دیکییەوە تلایەوە: ماتزینی پاشان بە دەنگێکی نەرم دەڵێ: **وا هەست دەکەم دایکم لێم نزیکە.. ئەو هێشتا هێزم پێدەبەخشێ تا بە ئەمەک بم بەرانبەر بە ئەرکەکانم بۆ نیشتمانم خەبات بکەم...**

ماتزینی هیچ گومانی لەوە نەبوو گەلەکەی تا گەیشتن بە دوا ئامانج کۆڵ لەخەبات نادات. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ دۆخەکە دەکات و دەگاتە ئەنجامێک-:

-1دەستبەرداری ئەو خەباتە بێت، کە ساڵانێکە لەگەڵ هاوڕێکانی بۆی تێدەکۆشن و قوربانی زۆریان داوە

-2 یاخود بەدوای دۆزینەوەی ڕێگایەکی ترەوە بێت بۆ گەیشتنە ئامانج..

ئیدی لێرەوە ماتزینی شۆڕشگێڕ دەبێتە سیاسەتمەدار و لە ئایدیالیستێکەوە دەبێتە پیاوی دەوڵەت. ساڵی 1850 کەسایەتی گەنجی تازە هەڵکەوتووی دەڤەری پیمۆنت بەناوی کاڤوور Camillo Benso Cavour دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ و بازرگانی و دەریا. ئەم کەسایەتییە لەبنەچەدا لە باوکێکی ئیتالی و دایکێکی فەرەنسیی سویسرییە. کاڤور کەسایەتییەکی زیرەک، وریا، دانووسانکاری بێ پەروایە. ئەمیش وەک ماتزینی باوەڕی بە شۆڕش هەیە لە پیمۆنتەوە دەست پێ بکات و تەواوی ئیتالیا بتەنێتەوە. باوەڕی بە یەکگرتنەوەی ئیتالیا هەبوو بۆیشی تێدەکۆشا. لێ لەگەڵ ماتزینیدا لەوەدا جودا بوو، کافور باوەڕی بە کۆمەکی دەرەکی بوو بۆ گەیشتنە ئامانج، نەک وەک ماتزینی دەیگووت: **"جگە لە خوا، ئیتالییەکان نابێ پشت بە هیچ کەسێکی تر ببەستن".**

Alexander Herzen که بیوگرافیایەکی ماتزینی بە ئینگلیزی نووسیوە،دەڵێ: **"ماتزینی پیاوێکی هەڵکەوتووی بێهاوتا بوو،باوەڕێکی پتەوی هەبوو، کە هەمیشەی ورەی پێدەبەخشی لە ساتەوەختەکانی تەنگانەدا، لەودا شتێکی گەورە هەبوو، دەتوانی ناوی بنێیت شتێ لە شێتێتی، بەڵێ ئەم شێتێتییە زۆر جار دەبووە مایەی سەرکەوتن(...) ماتزینی هێزێکی موگناتیسی بەهێزی ڕاکێشانی خەڵکی هەبوو"**. ساڵی 1853 لەمیلان ڕاپەڕینێ بوو زوو دامرکایەوە. دوو ساڵ دواتر ماتزینی لە لەندەن بە شێوەیەکی سەیر لەهێرشێکی کوشتن ڕزگاری بوو. ئەم ڕووداوانە زیاتر ڕێگای بەردەم کافور تەخت دەکەن تا بێتە شۆڕەسواری مەیدان.

دواتر کۆمەڵەی « **دۆستانی ئیتالیا**» ی لەساڵی 1851 دا لەگەڵ کۆمەڵێ لە بیریار و زانا ناسراوەکانی ئینگلیزیدا دروست دەکات بۆ پشتیوانی مەسەلەی ڕەوای ئیتالیا بۆ یەکگرتنەوە. لە 2.12.1852 ناپلیۆن دێتە سەر دەسەڵات و خۆی بە نزیکی ئیتالییەکان دەزانێ و دەیەوێ هاوکارییان بکات بۆ ڕزگاربوون لە چنگی نەمسا.. ڕووسیا دەیەوێ سوود لە لاوازی تورک وەرگرێ و باڵ بکێشێ بەسەر بالکان مسۆگەر بکات. ئینگلیز و فەرەنسا لە دژی خەونەکەی رووسیا دەوەستنەوە. نەمسا نایەوێ دژایەتی ئاشکرای ڕووسیا بکات. کافور دەستبەجێ ئەم پێشهاتە نوێیانە دەقۆزێتەوە. پێشنیاز دەکات ئەویش بچێتە هاوپەیمانێتییەکەوە و پاڵپشتی لە فەرەنسا بکات. ئەمەش بەئامانجی ئەوەی لەکاتی سەرکەوتندا بتوانێ سوودێک بۆ ئیتالیا بپچڕێ.

سەرەتا پەرلەمان دوودڵ دەبێت لە هەنگاوەکەی کافور پاشان دەنگی زۆرینەیان بەدەست دێنێ و نزیکەی 15,000 هەزار سەرباز ئامادەی شەڕ دەکات. داوا دەکات ڕێگەی پێ بدرێ بەشداری کۆنگرەی ئاشتی بێت، کە لە پاریس دەبەسترا. ساڵی 1855 پاشا Emanoele Karl Albert و کافور ڕێگەیان پێ دەدرێ بەشداری کۆنگرە بن لە پاریس و جارێکی تر لە لەندەن. ناپلیۆنی دۆستی ئیتالیا لە شاندەکە دەپرێ: « **ئەتوانین چی بکەین بۆ ئیتالیا؟**». کافور کە بە بەرنامە و پلانی پێشوەختەوە ئامادە بووە، یەکسەر بیرخەرەوەیەکی دەداتە دەست. داواکاری سەرەکی داوای کشانەوەی هێزەکانی نەمسایە لە دەوڵەتی کڵێسا/ واتە ڕۆما و گەڕاندنەوەی موڵک و ماڵی بە تاڵان و دزی براوی دەوڵەتی ناوبراو. هەڵبەت کافور دەزانێ لەگەڵ ناپلیۆندا بە وریایی مامەڵە بکات و سەرئێشەی بۆ دروست نەکات. هاوکات خەونی گەورەی خۆیشی بوو بێتە سەرۆکی ئیتالیای داهاتوو.

کافور لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو و یەک هەنگاو نەچووە پێش. هەست بەوە دەکات ناپلیۆن دەستی بڕیوە بەتایبەت کاتێ تەواوی کەسوکاری خۆی دەکاتە بەرپرسی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیتالیا. ئیدی قسەکانی ماتزینی بیر دەکەوێتەوە، کە نابێت بە پشتیوانی بێگانە ئیتالیا ڕزگار بکەین. لەژێرەوە هەوڵی سازدانی شۆڕش و ناڕەزایی دەربڕین لە سیسیلیا دەدات و داوا یارمەتیش لە ماتزینی و گاریباڵدی دەکات کە لە لەندەن دەژیان. سەرەتا دەیەوێ ناپۆلی لە دەستی فێردیناندی دوو ڕزگار بکات، کە لەژێر دەسەڵاتەکەیدا زیاتر لە 25,000 زیندانی سیاسی ئیتالی هەبوو. مانگی1857/6 Pisacane بە 300 کەسەوە دەچێ Kalabrien هەست دەکەن کە ماتزینی ماوەیەکە بەدزییەوە لە جێنوایە لەگەڵ گاریباڵدی خۆیان شاردۆتەوە. دەیانەوێ جموجوڵێک بکەن و کافوریش لە پلانەکەی خۆی ئاگاداریان کاتەوە. بەم جۆرە بۆ یەکەم جار باکوور و باشوور گیانی برایەتی هاوبەشی خەباتیان پێکەوە دەبێ و هاوپەیمانێتی ساختەی نێوان پیمێنتوت/ دەوڵەتی کڵێسا و فەرەنسا شکست دەخوات.

لەم کاتەدا سیخوڕەکانی فەرەنسا چالاک دەبن و Pisacane بەدەستەوە دەدەن و سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێت. جەماوەری ئیتالی بەم ڕەفتارە گەلێ نیگەران دەبن ڕادەپەڕن و پەلاماری هێزە فەرەنسییەکان دەدەن. بەڵام دیسان بەداخەوە سەرکەوتوو نابن. بەم شێوەیە هەردوو ماتزینی و گاریباڵدی بە سەرسوڕمانەوە لە گرتن ڕزگاریان دەبێت. سزای مەرگ و کوشتن جارێکی تر بۆ ماتزینی دەردەچێت. لەناکاو ڕووداوێکی سەیر لە 14.1.1858 دا پێش دێت، Felice Orsini هێرشێک دەکاتە ناپلیۆن و 10 کەس لە یاوەرانی دەکوژرێ و نزیکەی 141 کەس بریندار دەبێت. ئەم کەسە و باوکیشی لە هاوبیرانی ماتزینی دەبن. بەهۆی چالاکی و خەباتیان زۆر جار گیراون و ئازار دراون. بەڵام ئەمجارەیان سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێن. ناپلیۆن ماتزینی بە بەرپرسی ئەم کردەوەیە دەزانێ . تا دەهات لیستی تاوانەکان لەسەر ماتزینی، لە چاوی فەرەنسا و نەمسادا درێژ دەبۆوە، چونکە سەرلەبەری چالاکییەکان بەناوی ئەوە دەکران.

کافوری دۆستی فەرەنسا ئەم هەواڵی کوشتنەی ناپلیۆنی پێ ناخۆش دەبێت، حوکمی کوشتن بۆ ماتزینی دەردەکات و دەڵێ: **هەر کەسێ ماتزینی بگرێ خەڵاتێکی باشی دەدەینێ و داواش لە فەرەنسییەکان دەکات زۆر بەخێرایی هاوکار بن**

**لەگەڵیدا**. بەڵام ماتزینییەکی خۆشەویستی میللەت و خاوەنی زیاتر لە 30 ساڵ ئەزموونی خەباتی ژێرزەمینی و هونەری خۆشاردنەوە و خۆقوتارکردن، لەدەست دەسەڵاتی چەندین دەوڵەتی گەورە . ماتزینییەک نزیکەی دەرزەنێ جار بە قاچاخی بەناو فەرەنسادا هاتووە و چووە، هەرگیز بەئاسانی ناکەوێتە داوی کافورەوە.

کافوور دەست هەڵناگرێ لە هەوڵەکانی خۆی ئەو هیوا و پەیوەندییەی لەگەڵ ناپلیۆندا هەیەتی لە 22.7.1858 دا جارێکی تر لەگەڵ ناپلیۆن باس لە دەرپەڕاندنی نەمسا دەکاتەوە و لەگەڵی ڕێک دەکەوێ. ماتزینی لەناو پاپۆردا دەبێت بەرەو لەندەن، کاتێ ئەم هەواڵەکە دەبیستێ زۆر نیگەران و تووڕە دەبێت. دەستبەجێ نامەیەکی کراوە بۆ کافوور دەنووسێ„: **من ئەگەر ئێوەم هەرگیز خۆش نەوێ، ئەوا ئێستا ڕقم لێتان دەبێتەوە"**. ماتزینی هیچ بڕوای بە فەرەنسییەکان نەبوو، لێیان بەگومان بوو، بۆیە دژی ڕێکەوتنەکە بوو. هەروەها بەلایەوە سەیر بوو بۆ کافور پەنا بۆ گەلەکەی نابات و سوود لە وزە و تواناى گەل وەرناگرێ؟.

ناپلیۆن لە10.1.1859 دا وتارێک بەناوی **هاواری ئازار** دەدات دوا لە ئیتالییەکان دەکات ڕابن و دژ بە نەمسا بوەستنەوە. ئیتالییەکان بەم هاوارە دڵخۆش دەبن . ڤیریدیناندی دووەم دەکەوێتە مەترسیەوە. مۆڵەت دەدات بە ئیتالییەکان تا 23.4.859 ئارام بنەوە و ئاژاوە نەگێڕن و پەلاماری سوپاکەی نەدەن و چەکەکانیان دانێن. بەکورتی شەڕ نزیک دەبێتەوە فەرەنسا هێز بۆ تورین و جێنوا دێنێ. هەر لەم کاتەدا لە مۆدێنا و پارما و تۆسکاناش شۆرش سەرهەڵدەدات و هێزە بێگانەکان دەردەپەڕێنن. لە دوو شەڕی یەکلاکەرەوەدا 12.6.1859 لە Magenta و لە 24.6.1859 لە Solferino نەمسا تێک دەشکێن. دواتر کۆبوونەوەیەک لەVillafanca  دەکرێ و بڕیارەکان دیسان بە سوودی ئیتالیا نابێت.مانگی ئاوگۆست پاشای ئیمانۆیل،کە جێگرەوەی باوکی بوو زۆر دڵگران دەبێت و بڕیار دەدات بە هەموو شێوەیەک فەرەنسییەکان تێک بشکێنێ. لەژێرەوە بەکافور دەڵێ: پەیوەندی بە ماتزنییەوە بکە تا ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش لە Sizilien بکەن.

ماتزینی لەم کاتەدا خەریکی سازدانی شۆرش دەبێت و گاریبالدی بەخۆیی 10,000 پارتیزانەکەیەوە بۆربۆنەکان تێکدەشکێنێ و تەواوی باشوور دەگرێ و دوای 700 ساڵ باشوور بەتەواوی ڕزگاری دەبێت . ماتزینیش لە 4.4.1860 دا پالێرمۆ و میلان رزگار دەکات و سیسیلیا و ناپۆلی رزگاریان دەبێت. گاریباڵدی هەڕەشە دەکات تا ڕۆما ناوەستێ و دەوڵەتی کڵێساش رزگار دەکات. لەمەدا کافور ترسی لێ دەنیشێ. لەم کاتەدا بەس ڕۆما و بەشێک لە ڤێنیسیا ماوە ڕزگار بێت. 1870 سەرەتا تۆرین و دواتر فلۆرەنس دەبێتە پایتەخت. فەرەنسا و ئینگلتەرا دان بەم دەسەڵاتە ئیتاڵییەدا دەنێن. دواتر پاپا و ئەڵمانیا و رووسیا و نەمساش ئەوانیش ددانی پێدا دەنێن.

ماتزینی بەم نیوە سەرکەوتنە ڕازی نابێت. بۆیە ناتوانێ واز لە ئامانجەکەی بهێنێ. ئیتالیایەکی بێ ڕۆما و ڤێنیسیا واتای چییە!. دەچێ بۆ لەندەن و هاوبیر و ڕێکخستنەکان بەسەر دەکاتەوە. کێشەی سەرەکی لەم دۆخەدا ناپلیۆنی سێ بوو. ئەو نەیدەویست ئیتالیا لەوە زیاتر گەورە بێت و ڕۆمای کڵێسای پیرۆز ڕادەستی ئیتالییەکان بکاتەوە.کافور بە پارێزەوە باسی ڕۆما دەکرد و پاپاش لەگەڵ ئەوەدا بوو دەوڵەتی کڵێسا بمێنێتەوە.. بەم جۆرە تەواوی گفتوگۆکان سەر ناگرن. ماتزینی و گاریباڵدی لاوازییەکیان لە کافوردا بەدی دەکرد بە ڕادەکی زۆریش لە پاپادا. لەم کاتە ناسکەدا کافور لە مانگی 1861/6 دا بە جەڵدە دەمرێت. قۆناغێکی تر دێتە پێشەوە. ماتزینی نزیکەی نیو ملیۆن واژۆی کۆکردۆتەوە و دەیگەیەنێتە ناو پەرلەمان بۆ داوای دەرکردنی هێزە فەرەنسییەکان. ساڵی 1862 گاریباڵدی لە شەمەندەفەردا بەرەو ڕۆما زۆر بەسەختی بریندار دەبێ و دەگیرێ و دەخرێتە زیندانەوە.کەواتە لە ڕۆژە سەختەکاندا ئەم دوانە هەر یەک گیان بوون. بە خۆڕاییش نەوتراوە: ***ماتزینی سەر و مێشک و گاریباڵدی بازوو و مستی ریسۆرگیمەنتۆی ئیتالییان.***

لە Lugano ماتزینی هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوە بۆ ئازادکردنی گاریباڵدی دەکات و کۆمیتەیەک بۆ هەمان مەبەست دروست دەکات دەینێرێ بۆلای پاشا و تا دواجار گاریباڵدی ئازاد دەکرێ.

1864جارێکی تر لە لەندەن لە ماڵی هاوڕێ رووسەکەیان بەدیاری یەکتر شاد دەبن. ئەم دوو سەرکردە گیانی بەگیانییە،جارەوجاریش لێک زویر دەبوون.

ماتزینی بەرە بەرە لە تەمەندا هەڵدەچوو و بەرەو پیربوون هەنگاو دەنێ و نەخۆشی ڕۆماتیزم پەڕێشانی دەکات و چاوەکانی کز دەبن و حەزی خواردنیشی زۆر کەم دەبێتەوە . هەژار و کەم دەرامەتیش لەولاوە بوەستێ بە ڕادەیەک پارەی چوونە لای پزیشکی بەدەستەوە نابێت. هەر پارمەتیەکیشی پێ دەگات، دەیداتە هاوبیران و هەژاران. بەڵام باوەڕی پۆڵایینی خەباتی

بەتینتر و دڵی گەرمتر دەبێت بۆ شۆڕشگێڕی. خەیاڵی رزگارکردنی رۆما لە مێشکی دەرناچێ چونکە ڕۆما واتە ئیتالیا، ئاخر ئەو هەر دەیگووت :**" پێویستە پێوەری کۆماری ئیتالیا،لە پایتەختەوە هەڵقوڵێ و ئاڵای ئاینی پێشکەوتن لە ڤاتیکانەوە"**. دەگەڕێتەوە بۆ لۆگانۆ لەوێشەوە بۆ ژنێڤ بۆ بەسەرکردنەوەی ڕێکخستن و هاوبیر و دۆستەکانی . ئەمانە زۆربەیان چەکدار بوون و ماتزینیان دەپاراست و چاوەڕێی فەرمانی بوون بۆ هەر کار و کردەوەیەک..

ساڵی 1869 بە تەمەنی شەست و چوار ساڵی ماتزینی لە سویسرا دەردەکرێ لەسەر جموجوڵە سیاسییەکانی. لێهاتووانە خۆی دەرباز دەکات و لەوێشەوە حەسرەتی وڵات هەڵی دەپێچێتەوە بۆ سەردانی ئیتالیا. بەهاوڕێکانی دەڵێ: « **هیوام ئەوەیە بتوانم لە ئیتالیا و بۆ ئیتالیا بمرم، وڵاتەکەم کە بەدرێژایی تەمەنم لێم قەدەغە کرا»**. دەگەڕێتەوە بۆ لوگانۆ بۆ وەشاندنی دوا گورزی کوشندە لە پاشایەتی. هاوڕێکانی زۆر ئامۆژگاری دەکەن ئەم کارە زەحمەتە و هەلومەرج لەبار نییە، بەڵام ماتزینی سور دەبێ لەسەر باوەڕی خۆی و لێناگەڕێ کەس ئارام بگرێ تا تەواوی ئیتالیا ئازاد نەبێت. بەداخەوە ئەم هەوڵەش بەهۆی ناپاکیەوە دواتر تێک دەشکێ.

نوێنەرێک بەناویWolff دەنێرێ بۆ سیسیلیا بۆ لای لایەنگرانی تا لە پالارمۆ و ڤێنیسیا دەست بەکار بن. ڤۆلف سەرکەوتوو نابێت لەگەیاندنی پەیامەکەدا. ئیدی ماتزینی خۆی پێ ناگیرێ و بێ ئەوەی شێوەی خۆی بگۆڕێ و پەنا بەرێتە بەر تاکتیک و سەرلێشێواندنی دەسەڵات، دەچێ بۆ شوێنی ناوبراو بە یارمەتی پەساپۆرتە ئینگلیزییەکەی بەناوی Joseph Brown . ماتزینی لە کۆنترۆڵی پۆلیس بەهۆی وێنەکەیەوە دەناسرێتەوە لەلایەن Pietro Biondi پۆلیسەوە. دەبرێ بۆ لای کۆمیساری باڵای پۆلیس لە سیسیلیا، کە ناوی Giacomo Medici دەبێت. مێدیسی هاوڕێی منداڵی خۆی بووە و سەردەمانێکیش لەئاوارەیی لەندن پێکەوە ژیاون. ماتزینی دەیناسێتەوە. بیۆندی پۆلیس لە بنەڕەتدا سیخوڕی بۆ هێزە فەڕەنسیەکان دەکرد. بۆیە مێدیسی ناتوانێ هیچ بۆ ئازادکردنی ماتزینی ڕابەر و هاوڕێی بکات. بەمجۆرە بە زیندانی دەبرێ بۆ قەڵای Gaeta و بۆ ماوەی دوو مانگ دەمێنێتەوە. لێرەدا هەستێکی ناخۆشی بۆ دێت دەڵێ: **وا بۆ چل ساڵ زیاتر هەموو ژیانی خۆم بەم وڵاتە بەخشی، کەچی ئێستا تێیدا زیندانیم!.**

لەم کاتەدا شەڕی نێوان فەرەنسا و پرووسیا1870-1871 سەر هەڵدەدات. ماتزینی هیوایەکی گەورە لەسەر ئەم پێشهاتە نوێیە هەڵدەچنێ. پرووسیا تەنگ بە فەرەنسا هەڵدەچنێ . بۆیە فەرەنسا دوا سەربازی خۆی لە ڕۆما بۆ شەڕی پرووسیا دەکێشێتەوە.دەرئەنجام فەرەنسا تێکدەشکێ و ناپلیۆنیش بە دیل دەگیرێ.

ئیتالیاییەکان ئاهێکیان پێدا دێتەوە و بەم جۆرە سەرلەنوێ پایتەخت دێتەوە ڕۆما و ماتزینیش لە زیندان دەبەخشرێت و ئازاد دەبێت و وەک مرۆڤێکی ئازاد بۆی هەیە لە ئیتالیا بسووڕێتەوە. ماتزینی ئەم جۆرە لێبووردنەی پاشا ڕەت دەکاتەوە. ئاخر ئەو چۆن لێبووردنێکی وا قبووڵ بکات! لەکاتێکدا بەدرێژایی ژیانی دژ بە پاشا بووە. ئیتالیایەکان بەم دۆخی ئازادییە زۆر خۆشحاڵ دەبن و ئاهەنگ دەگێڕن. بەتایبەت لە ڕۆما و میلان و لیڤۆرنۆ و جێنوا و ماتزینی ئازاد دەکەن و گەورەترین پێشوازی و ئاهەنگی بۆ ساز دەکەن و ستایشی دەکەن دروودی بۆ دەکێشن. گەورەیی و ناوبانگی ئەم سەرکردە لێرەدا دەردەکەوێ،کە ماتزینی هیچ لەخۆی ناگۆڕێ و بەتاقی تەنیا دەسووڕێتەوە و دەچێت بۆ جێنوا و بۆ لای هاوڕێکانی و سەردانی گۆڕی دایکی دەکات. ئێوارەیەکی درەنگ دەیەوێ لەسەر گۆڕستان بگەڕێتەوە کاتێ دەگاتە بەردەرگا ئەمبەرەوبەر خەڵک چاوڕێن و ڕیزیان بەستووە و هاوخەمی خۆیان دەردەبڕن.

ماتزینی جارێکی تر بەرەو لەندەن دەڕوات و لەوێ هاوبیرەکانی بە دیداری شاد دەبنەوە. لەم کاتەدا ژنەکەی دەمرێ ئەمەش داخێکی تری گران دەنێ بە جەرگی ماتزینییەوە.

دوای نزیکەی 35 ساڵ مانەوەی پچڕپچڕی ماتزینی لە لەندەن ماڵئاوایی دەکات و دێتەوە جێنوا دواتر پیسا Pisa و فلۆرەنسا لاپەرەی سەرەوە لە 6.2.1872 دەچێ بۆ لای خانمە هاوڕێکەی بەناویRoselliq لە پیسا و لە هوتێلی Minerraژوورێک بەکرێ دەگرێ بەناوی بارزگانێکی ئینگلیزیی لەژێر ناوی جۆسیف براون.

ماتزینی دەیەوێ کەس نەیناسێتەوە و پشوویەک بدات، چونکە پیری و نەخۆشی بڕستیان لێ بڕی بوو. ژنی ناوبراو و مێردەکەی ئاگاداری خاوەن هوتێلەکە دەکەن مستەر بران هەر شتێکی بوو خێرا پەیوەندییان پێوەبکات و ئاگاداریان کەنەوە. پشکنینێکی پزیشکی بۆ ماتزینی دەکەن دەردەکەوێ نەخۆشی سووتانەوەی سییەکانی هەیە...دوا نامەی ماتزینی نووسیویەتی

دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتی مانگی دووی1872 بۆ بنەماڵی ئاشرست نووسیویەتی. لە دوا دێرەکاندا بەستە شیعرێکی گۆتە دەنووسێ: **باڵندەکان لە دارستانەکان دا بێدەنگ دەبن،تەنیا چاوەڕێ بکە، بەمزوانە تۆش بێدەنگ دەبیت".**

نووسەرێک دەربارەی ماتزینی دەنووسێ:**" ئەو پیاوێکی بە پەرۆش بوو، ئەقڵێکی گەورە بوو، هەتا بێت ناوبانگی بە تێپەڕبوونی کات هەر زیاد دەکات،لە کاتێکدا هی زۆر پیاوی تری دەوڵەت دەکوژێتەوە"**. فریای نووسینی نامەیەکی تر لە 4.3.1872 دا دەکەوێ باس، لە ئازارەکانی دەکات. ژنێک بەناوی Sara Nathan سەرپەرشتی و خزمەتی دەکات. ڕۆژێک پرۆفیسۆرMinari دەیەوێ بیپشکنێ. ماتزینی بە مستەر براون پێ دەناسێنن. دکتور تەماشا دەکات، مستەر براون دەتوانێ بە ئیتالیش قسە بکات، دکتور دەڵێ: ئەم مستەر براونە ئینگلیزە ئیتالیای خۆش دەوێ، ماتزینی کە گوێی لەم وتەیە دەبێت، ئیدی دەروووونی کڵپە دەکات و هەستی دەکەوێتە جۆشێکی گەرمەوە و خۆی پێناگیرێ و دەڵێ:**" ئیتالیام خۆش دەوێ، ئیتالیام خۆش دەوێ، هەرگیز هیچ کەسێک هێندەی خۆش ناوێ، وەک من خۆشم دەوێ"**. خانەوادی رۆسەلی هەر بە دیارییەوە دەبن و لە دوا چرکەکانی ژیانیدا لە ماتزینی دەپرسن : چ حەز و ئاواتێکت هەیە؟. لە وەڵامدا ماتزینی دەڵێ: **« خواکەم و باوەڕەکەم قەت منیان بەجێ نەهێشت»**. ئەمە دواتەی ئەم رابەر و بیرمەندە گەورەیە بوو لەدوای 11.3.1872 بۆ ئیتالیا و جیهانی جێدێڵێت. ئاواتی بوو:**" ئەگەر ڕۆژگار یارمەتیم بدات، حەز دەکەم شاکارێکی مێژوویی لەسەر پەیامی ئیتالیا بنووسم، کە تەرخانی ناکەم بۆ مرۆڤی ئێستا، بەڵکو زیاتر بۆ ئاینده"**.

هەواڵی مردنەکە وەک ئاگر لە پووش بەربووبێت بە خێراییەکی سەیر بەتەواوی ئیتالیادا بڵاو دەبێتەوە.. دەستوبرد لاشەکەی بە ڕۆن و مەڵحەم چەور دەکەن و دەیبەن بۆ گۆڕستانی Stagna لە تەنیشت دایکییەوە لە زێدەکەی خۆی شارە جوانەکەی جێنوا بە دایکی نیشتمانی دەسپێرن. نزیکەی 80,000 هەزار کەس لەو سەردەمەدا بەشداری پرسەکەی دەکەن. ئاڵای شەکاوەی ئیتالیا ئەو ڕۆژە ئاسمان داگیر دەکات. ئەو باسەش هەیە، کەوا ماتزینی **ماسۆنی** بووە و لەکاتی بەخاک سپاردنەکەیدا نزیکەی سێ هەزار کەس بە ئاڵای ماسۆنییەوە،بەشداریان کردووە. بەڵام هەرچی خوێندنەوە بۆ بیروباوەڕ و هزری ماتزینی دەکەم لەسەر خۆشەویستی نەتەوەکان، باوەڕ بە خودا، ڕێز لە ئاین و پیرۆزیی مرۆڤایەتی و زۆر شتی تر،چ ئاماژەیەکی بەرچاوی ماسۆنێتی تێدا نابینم.

ماتزینی نزیکەی 10 ڕێکخراوی لەناو ئیتالیا و لە کیشوەری ئەوروپادا دروست کردووە،هەمووی لەسەر بنەمای خۆشەویستی بۆ نەتەوە و مرۆڤایەتی، کۆمەڵێ ڕۆژنامە و گۆڤاری دەرکردووە،بە نووسینی گەشی خۆشەویستی مرۆڤ، چەندەها کتێبیشی پێشکەش بە ئیتالیا و مرۆڤایەتی کردووە. خەرمانی لە وتەی جوان و بەهێزی بۆ هەمووان لەدوای خۆی جێهێشتووە. هیچی ئەمانە بۆن و بەرامەی دژایەتی نەتەوە و نیشتمانە جیاجیاکانی لێ نایەت و مرۆڤایەتی وەک هەوێن ئامانجی ستراتیژییە. ماتزینی.. مرۆڤێکی دڵ و دەروون پاک و سادە بوو. زۆر خەمی هاوبیرەکانی خۆی دەخواردوو و بە سەروسامانی دەستی پێوەیان بوو. لە دیدی قووڵ و بەهای بەرزەوە لە مرۆڤی دەڕوانی و یەکجار مرۆڤدۆست بوو. بەڕادەیەکی گەورە و کاریگەر خەباتی بۆ ڕزگاری و بەختەوەری مرۆڤ دەکرد. لەو سەروەختەی خۆشەویستی ئیتالیای لاو خەمڵی و بووە دین و ئیمان بۆی، چاوی تیژ و هەستی بێگەرد و بۆچوونی گەش و هیوای بەرینی ئەو، دیوی سنووری ئیتالیای دەدی و بۆ بەختەوەری گەلانی دیکەش هەر بڕوا نەلەقیو بوو.باوەڕی بە دیموکراسی بوو،وەک کۆڵەکەیەکی پتەوی سیستەمی سیاسی.کۆمارخواز بوو.

لەمەش باڵاتر بەختەوەری مرۆڤایەتی یەکجار مەبەست بوو. هەر بۆیەشە ماتزینی بۆ هەموو کەس مانای سیمبۆڵی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی ئەبەخشێت. بەڵێ:**« ئازادی تاکە کەس و نەتەوەکان لەسایەی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەدا، سیستەمێکی نێونەتەوەیی دادپەروەرانەدا و مرۆڤایەتییەکی خۆشەویستانە و هاوکارانەی بەرانبەریی لەنێو مرۆڤ دا»** ئامانج و خواست و هیوای بوو. ماتزینی هێندە نەتەوەپەروەر و مرۆڤایەتی ویست و بەرەوشت بووە،بە « **پەیامبەری نەتەوایەتی»** ناوبانگی دەرکردووە و تاجی پیرۆزترین باوەڕ و ئامانجی خراوەتە سەر. ماتزینی.. بڕوای پتەو بوو، شارەزای باشی بزووتنەوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان و ڕاپەڕینە نیشتمانییەکانی سەردەمی خۆی بوو. بە چاوێکی زیتەوە چاودێری هەلومەرج و گۆڕانەکانی ناو وڵاتەکەی و دنیای دەکرد و هەڵی هەڵکەوتووی زوو دەقۆستەوە. گیان و بنەمای بیروبۆچوونەکانی دروستانە دەخستە کارەوە. نووسینەکانی ئەمەنە ناسک و بەپێز و ڕازاوە و هەست جوڵێنن ، کە یەکسەر لەسەر پەردەی دڵ و مێشک تۆمار دەبن. بە جۆرێک لە دڵە پاکەکەیەوە هەڵدەقوڵا و دەرژایە دڵ و مێشکی خەڵکانی دڵسۆز و پاکەوە.

وەک دەزانین هەر تەنیا ئازادی و یەکگرتنەوەی ئیتالیا، دوا هەواری ئامانجەکانی نەبوو، ئیتالیا بەتەنیا نەبووە کۆت و زنجیر و کەڵەمەی کرۆکی بیر و هەستە نەتەوەییەکەی ، بەڵکو لەسەر دوندی قەناعەتێکی گەشتر **و** قایمترەوە دەیگووت:**« ژیانی نەتەوەیی و ژیانی نێونەتەوەیی دەبێت، دوودیوی یەک سەرەتاگە و پرنسیپ و ئامانج بن. ئەویش چاکە و خێر ویستنە»**.. دیارە لێرەدا هەر مەبەستی خۆشگوزەرانی مرۆڤە. تێز و بۆچوون و بیروباوەڕی لەسەر نەتەوایەتی و سیاسەت و ئایین و ئەدەب و هونەر و یەکگرتنەوەی ئیتالیا، هەر لە سەرەتاوە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی یەک ژێیان هەبوو، یەک ئاوازییان لێ بڵند دەبۆوە و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان نووسینەکانی دا هەست پێناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم پرنسیپانەدا. ماتزینی خواناسێکی بەبڕوا بووە و سێکوچکەی بیروباوەڕی« **خوا، گەل، مرۆڤایەتی**» یە. بەکورتی لە توانای کەسدا نییە هەقی ناسینی تەواو بدات بەم پیاوە و گەلێ جار دەگوترێ« **ئایا ئیتالیا بە بێ ماتزینی یەکگرتوو و ئازاد دەبوو**»؟؟؟... نووسینێکی شاعیری بەناوبانگ Giosue Cardicci لەسەر گۆڕەکەی دەنووسرێ دەڵێ:"***لێرە کەسێک ئارامی گرتووە و ڕاکشاوە،کە قوربانی دا بە هەموو شتێ،بێ ئەندازە خۆشەویست، ڕکی لە کەس نەبوو"*** .

وەک علی آدهم لە کتێبە نایابەکەیدا لەسەر ژیانی متزینی دەڵێ:" ***زیادڕەوی ناکەم ،گەر بڵێم لە هەموویان مەردتر بوو،لاپەڕەکەی لە هی هەمووان خاوێنتر بوو، نێتەکانی لە هی گشتیان دڵسۆزانەتر بوو، دەروونی لە تێکڕایان بێگەردتر بوو، گیانی فیداکارانەی لە هەموویان زیاتر بەرگەی فیداکاری و نەخۆشی و نەهامەتییەکانی دەگرت" .***

**<u>چەپکێ لە وتەکانی..</u>**

***+ ژیان جەنگە لەنێوان خێر و شەڕ، پێشکەوتن و دواکەوتن، کۆیلایەتی و ئازادی دا .***

***+ نەتەوەکان بەبێ خەڵک نابن و پێک نایەن.***

***+ ئامانجی مرۆڤ ، خزمەتی مرۆڤایەتییە .***

***+ نەتەوایەتی دەبێت ئامڕاز و دەستاوێژێکی هێنانەدی ، یەکێتی تێکڕای مرۆڤایەتی بێت .***

***+ هەر نیشتمانێ لە نیشتمانەکان کارگەیەکن لە کارگەکانی مرۆڤایەتی.***

***+ نەتەوایەتیم لا پیرۆزە، لەبەرئەوەی ئامێر و هۆکاری کارکردنی تێدا دەبینم، بۆ پێشکەوتنی تێکڕای خەڵک و چاکە و خۆش گوزەرانییان.***

***+ نەتەوایەتی ئاینێکی پیرۆزە، بیروباوەڕێکی یەزدانییە .***

***+ مرۆڤایەتی.. یەکخستنی نیشتمانەکانە، مرۆڤایەتی هاوپەیمانێتی نەتەوەکانە بۆ بەجێگەیاندنی پەیامەکەیان لەسەر زەوی« ئاشتی و خۆشەویستی.«***

***+ ژیان پەیام و قوربانی و چاکەیە، وە تەنیا قوربانی پیرۆزە .***

***+ برایینە.. نیشتمانەکەتان خۆش بوێت، نیشتمانەکەمان هەوارگەمانە، هەوارگەیەکە خوا پێی بەخشیوین و تێیدا یەک خێزانمان دروست کردووە .***

***+ نەتەوایەتی هەروەها شتێکی ترە، نەتەوایەتی ئەو بەشەیە کە خوا بۆ مرۆڤی لە پێناوی کاری مرۆییدا ئەفراندووە. ئەوە پەیامەکەیەتی، ئەوە ئەو کارەیە کە پێویستە لەسەر زەوی ئەنجام بدرێ، بۆ هێنانەدی بیرۆکەی خوا لەسەر زەوی.***

***+ نەتەوایەتی.. بیرۆکەیەکی پرنسیپ و ئامانجێکی هاوبەشە، نەتەوەش هەموو ئەوکەسانەیە کە زمان و هەندێ بارودۆخی جوگرافی یان ڕۆڵێک کە مێژوو بەسەریدا سەپاندوون و باوەڕیان بە یەک پرنسیپە و لەژێر یەک کاریگەرێتیدا ڕەوت و گوزەران دەکەن، بۆ بەدەستهێنانی یەک ئامانج.. هەروەها ئەو چالاکییە گونجاوانە و ئامادەکاری کۆکردنەوەی هێزە تاکەکانە لە کۆمەڵگەی لێ پێکهاتووە بەرەو یەک ئامانج، ژیانی نەتەوەیی پێک دێنێ.***

***+ ژیانی نەتەوایەتی و ژیانی نێونەتەوایەتی پێویستە دوو دیوی یەک پرنسیپ بن،ئەویش چاکەخوازی بێت.***

***+ خۆت بخەرە سەری سەرەوەی ئەم نەتەوەیە، لەسەر ئاڵاکەت بنووسە:« یەکێتی و ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاری ئیتالیا لە زۆردارەکان».لە نامەیەکدا بۆ پاپا 1831***

***+ نیشتمانەکەتان، ئیتالیا یەکخەن و لەدەوری خۆتان باشترین نوێنەرانی حیزبی نەتەوەیی کۆکەنەوە، هەوڵی زۆر بۆ هاوپەیمانێتی میرەکان مەدەن، وابەستەبن بۆ بەدەستهێنانی هاوپەیمانێتی و پشتیوانێتی گەلەکەتان. نامە بۆ پاپا1847***

***+ هەژاریی و کوێرەوەری هەڕەشە لەهەر ڕژێمێکی سیاسی دەکات. بەبێ دەرفەت و چانسی وەک یەکی کۆمەڵایەتی،ئازادی تاکگەرایی دەبێتە مەسەلەکی فێڵ و هاوکار نابێ،مەگەر بۆ ئەوانەی کەمێک بەختیان هەیە.***

***+من باوەڕم هەیە بە ئازادی،بە نیشتمان، بە مرۆڤایەتی،مرۆ لەسەریەتی بۆ ئەم باوەڕ و ئامانجانە خەبات بکات.***

***<u>ئاکامگیریی:</u>***

+ زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ماتزینی نەخشە و پلانی بۆ داڕشتن، شکستیان خوارد، کەچی ئەو ڕابەرە نائومێد نەبووە و کۆڵی نەدا. ئاخر دژ بە سێ دەسەڵاتی هەرە گەورەی سەردەمی خۆی فەرەنسا و نەمسا و بۆربۆنییەکان شەڕی کردووە.

+ ناوەڕۆک و ڕوخسارێکی نەتەوەیی بە فیکر و ستراتیژ و ئامانجەوە بەخشییە بزاڤی ڕیسۆرگیمەنتۆی ئیتالی.

+ داوای خەباتی ڕزگاری و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە لە جوتیار و کرێکارەوە تا میر و پاشاکانی ئیتالیا کردووە. بۆ ڕزگاربوون چاوی لە پشتیوانی دەرەکی نەبووە.

+ ئازادی،دادپەروەری،مرۆڤایەتی،لە ڕێگای ڕزگاری گەلان و دۆستایەتی نێوانیانەوە،بەهای مرۆڤ و بەختەوەری مرۆڤایەتییەوە، بەهەوێنی بیری نەتەوەیی ئامانجی سەرەکی و نەگۆڕی بووە.

+ فیدراڵی نێوان هەرێمەکانی ئیتالیای سەرلەبەر ڕەت کردۆتەوە.

+ خەباتی ژێرزەمینی و شۆڕشی بەردەوامی بە ئازایەتی و بوێرییەکی بێوێنەوە کردووە و لەم زەمینەدا دڵسۆز و بە ڕەوشت و ڕاستگۆ و خاوەن دیسپلین بووە.

+ زیاتر لە 40 ساڵ لە نێوان نیشتمان و ئاوارەییدا ژیاوە و تێکۆشاوە بێ نائومێدی و چۆک دادان.

+ کۆمەڵێ بەهرە لە ماتزینیدا هەبووە، وەک بیرمەند و فەیلەسوف و ریفۆرمیست و ڕەخنەگر و شۆڕشگێڕ، لە هەموویاندا لێوەشاوەیی و دەستڕەنگینی خۆی نیشان داوە، ئامادەگی بە کردار و ڕەفتار نواندووە.

+ بێ پەروا جەخت لەسەر ئازادی و سیستەمی کۆماری دیموکراسی دەکاتەوە.

**بەڵێ.. بەڵێ** دەبێ قەڵەم کڕنووش بەرێ بۆ دامێنی هەڵزنان بە باسی ماتزینی دا. وا چەند سەدە بەسەر لەدایک بوونیدا تێدەپەڕێ و ئەو هەموو نووسینە شاکارانەی کە لە 18 بەرگدا کۆکراونەتەوە و سەرچاوەی بێ کۆتایی لێوەفێربوون و هەوێن و شیلەی ژیانن. بە ئاواتی ئەوەی کتێبخانەی کوردیشی پێ گەرم بکرێتەوە..

سەرچاوەکان:


- گۆڤاری خوێندکاری کورد، ژمارە 20 ی نەورۆزی 2607-1995 ،نووسینێکم لەسە ماتزینی بەناوی دیلانەوە بڵاو کردۆتەوە..

- متزینی، بقلم علی ادهم الطبعة الثانیه١٩٨٥

- تاریخ الحرکات القومیة(٥) اجزاء، تعریب الدکتور نورالدین حاطوم دار الفکر ١٩٦٩

-Giuseppe Mazzini ,Ein Leben für die Freiheit/Eva.W.Prull/ Braumüller 2017

-Staat und Nation in der europäischen Geschichte/Hagen Schulze/beckschereih1999

- Von Machiavelli zu Nehru          Hans Kohn          1964

